# سەرەتایەك بۆ مێژووی رانیه

كامەران جەمال بابان زادە

دەمویست بابەتێكی وردی زانستی لەسەر مێژووی رانیە بنووسم،كەمی سەرچاوە پێویست ئەو حەزەی دواخستم،بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرەتایەك بۆ دارشتنی مێژووی ئەو شارە بهێنینە بەرباس وزەمینەساز بێ بۆ دەرفەتێكی باشتر،من یان هەر هیواخوازێكی تری شارەكە بەكارێكی وا بە بایەخ هەڵبستێ.

لەناو سەرچاوەكانی مێژووی كۆن لە كوردستان و لەلای مێژوونووسانی عیراق كە باسیان لە شارستانێتی دۆڵی رافیدەین كردووە،وەكو تەها باقرو عامر سلێمان و عەبدولڕەزاق حوسێن و دكتۆر جەواد عەلی و دكتۆر جەمال رەشیدو فەوزی رەشیدو چەندانی تر،بە زەقی و روونی باسیان لە دەشتی بیتوێن كردووە،گردی شمشارەو گردە دێمەو گردی باموسیان..هتد جێی سەرنجی دەیان توێژەرەوەو زانیانی شوێنەوارناسی بووە،لە وتارەكانی گۆڤاری (سۆمەر)زانیاری زۆر بە نرخ لە سەر بیتوێن و رۆڵی لە رووداوەكانی هەزارەی بەر لە زایین و ململانێی ئاشوری و دانیشتوانە ئەسڵییەكانی دەڤەرەكەی خوئی و لولۆ بەدیار دەكەوێ،كە لە راستیدا ئەم دەڤەرە بە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین ئاوەدان بووە،(عەبدولڕەقیب یوسف)و دۆزینەوەی شورەیەكی تازەی مێژوویی لە دەربەندی رانیەو باسەكانی گۆڤاری(هەزارمێرد)شتی بەنرخیان تیایە لەسەر ساغكردنەوەی دێرینی بیتوێن.

زێی بچووك دەشتی دەكاتە دوو بەش ، بەشی رۆژهەڵات و بەشی رۆژئاوا.لە هەردوولا هەتا بەرەو دۆڵ و شیوو ئەشكەوتەكانی هەڵبكشێی دوبارە شوێنەواری كۆن و جێی ئاوەدانی زۆر دێرینمان دەداتێ لای سەروچاوەو بێتواتەو دۆڵی ئاكۆیان لە رۆژئاوا،مەرگەو بەری ئاسۆس لە رۆژهەڵات و دەربەندی رەمكان لەبەشی باكوری رۆژهەڵات ،شاری رانیەی ئێستا پێدەچێ زۆر كۆن بێت، لە هاوینی ساڵی ١٩٣٠ نووسەرو مێژووناسی بەرەگەز كورد(عەلی سەیدۆ گەورانی) لە ئوردەنەوە هاتووەو سەردانێكی دوورو درێژی كوردستانی باشووری كردووە، لە باسی رانیەدا دەڵێ:

(... گردێكی كۆنی تیایە، گوایە لەشكری ئێرانی كاتی خۆی هەڵیان بەستووە،ئێستا خانووی چین چین بەسەریەوە دروستكراوە بە دەستوری قەڵای هەولێر..[١] )

رانیە بە چەند سەدەیەك لەمەوبەرەوە ئاوەدانترین ئاوەدانی دەشتی بیتوێن بووە،بەڵام پێناچێ لە كۆندا ئەمە وابووبێ،بەرفراوانی ئاوەدانی شاری رانیە تەمەنی ناگاتە سەدەیەك،بەڵام ناوی بەبەردەوامی لە رووداوە سیاسیەكانی چوار پێنج سەدە هاتووە.لەوەتی دارشتنەوەی پەیكەری ئیداری ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٨٧٩ ، كەركوك وەكو ئەیالەتێكی سەر بە ویلایەتی موسڵ ناسێنرا، رانیەش ناوی قەزایە(سنجاق)ەو سەر بە كەركوكە.

نێوانی روباری سیروان و زێی گەورە سنوری كەركوكی ئەیالەتی سەر بە موسڵ بووەو ،هەولێرو رانیەو رەواندزو كۆیەو كفری سەر بە كەركوك بوون[٢].

بەر لەو مێژووە بەهۆی نیمچە سەربەخۆیی میرنشینە كوردیەكانی كوردستانی باشوور(بابان،سۆران، بادینان) تەشكیلەی ویلایەتی موسڵ هەر رەمزی بووەوپەیكەری ئیداری دابەزیوەتە شارو شارۆچكەو گوندەكان، سنووری ئیداری هەردوو ناوەندەكەی كەركوك و سلێمانی لە دوكانەوە زێی بچووك لێكی جیادەكردەوە. بازیان و هەڵەبجەو

شارەزوورو مەرگە سەر بە ناوەندی سلێمانی بوون[٣].

دابڕانی هەردوو بەری بیتوێن بە هۆی زێی بچووك بە تەنها دابەشكردنێكی ئاسایی و جوگرافی نەبووە،بەڵكو دابەشكردنێكی ئیداریش بووە، رانیە سەر بە كەركوك بەبەری رۆژئاوای دەشتی بیتوێنەوە، بەهەردوو ناحیەی ناودەشت و چنارانەوە،مەرگە بەشی رۆژهەڵاتی زێی بچووك بە پشدەرەوە سەر بە سلێمانی.

رانیە سەر بەكەركوك و لەگەڵ دامەزراندنی حكومەتی عیراقی و یاسای پارێزگاكان خرایە سەر هەولێر،هەتا ساڵی ١٩٥٦ خرایە سەر سلێمانی[٤].جەمال بابان دەڵێ: رانیە لە ساڵی ١٩١٣ ەوە قەزایە[٥]، من لەم سەرەتایە تێناگەم،پێشتر سەر بەكەركوك و دواتر سەر بە هەولێر هەر قەزا بووە ؟.

ئاو هۆكارێكی بنەڕەتی كۆكردنوەی ئاوەدانی بووە، ئاوی (قولە)ش دەگونجێ لەكۆنەوە ئاوەدانی لە دەور بووبێ، هۆزەكانی بڵباس و ئاكۆو پشدەر كاتی خۆی زۆرینەی دانیشتوانی ئەم دەڤەرەیان پێكهێناوە [٦]. زستان لە هاوین ئاوەدانتر بووە،چونكە بەشێكی زۆری خێزانە ڕەوەندەكان ئێرەیان بەجێ هێشتووە و چوونەتە كوێستانێ، تووتن و مەرەزە بەرهەمی سەرەكیكشتوكاڵی ڕانیەودەوروبەری بووە، مێش و مەگەز لە هاوینان بەهۆی بێشەڵان و زولكاوی وەستاو نەخۆشی لەرزوتای بڵاودەكردەوە، لەساڵی ١٩٤٤ شاكر فەتاح ڕانیەو هەردوو ناحیەی چناران و سەنگەسەری بە(٣٠) هەزار كەس داناوە[٧].

هۆزی ئاكۆو بڵباس زیاتر وەكو بەرەیەكی بەرفراوان بۆ كۆكردنەوەی دەیان تیرەو هۆزی بچوكتر ناوی دەهێنرا[٨].

لەسەر ناوی (رانیە) قسەباسی جیاجیا هەیە، جەمال بابان پشت بەستن بە قەناعەنتی شاكر فەاتح و توێژەرەوانی تر پێیوایە یان لە(ڕا –ڕێ) وە هاتبێ كە دەكاتە(رێگا) یان لە (ران)ی رانە مەڕەوە هاتبێ یان رانیە لە هۆڵی داكردنی مەڕەوە وەرگیرابێ[٩].

مەلا رەوفی حەوێزی لە باسەكانی بەر لە فتوحاتی ئیسلامی ناوی رانیە بە(رۆندیات) دێنێ و باس دەكات كە وەو كات لە ژێر دەسەڵاتی مالیكی كوڕی ئەشتەردا بووە[١٠]،هەروەها شەرەفخان لە باسی شەڕی نێوان بوداغ بەگ و حسێن بەگی هەردوو میری بابان دەكات،لە ئامادەكردنی هەشت هەزار كەسی حسێن بەگ بۆ سەر بوداغ بەگی ئامۆزای و دەڵێ: لە ( رانیە بولاق ) ئەم بۆسەیەی بۆ داناوە،هەژار موكریانی لە پەراوێزەكەیدا دەڵێ:رەنگە (رانیە بولاق) رانیەی ئێستابێت[١١].دوور نیە رانیە